## پاشماوەی
# لە یادی ساڵێک بە سەر کۆچی دوایی هوشەنگی گوڵشیریدا

یان بتوانین فۆرمێک بەم ژیانە بێوەستانە ببەخشین و مانای بۆ بدۆزینەوە، بەرەوڕووی پرسیارێک دەبینەوە: ئایا چیرۆک دەتوانێت هەواڵێک لەمەڕ ئاییندەوە، لەمەڕ ئەو شتەی بەرهەمی کردار، ڕەفتار و گوتاری هاوچەرخەکانی ئێمەیە لە ئاییندەی دوور و نزیکدا، بە ئێمەمانان بگەیەنێت؟

دەڵێن پاڵەوانە تایبەتییەکانی «دۆستۆیەکۆفسکی» دوای بەسەرچوونی سەردەمەکەی، بینراون. هەندێک جاریش گوتوویانە ئەم چەشنە کەسایەتییانە لە سەردەمی نووسینەکانی ئەودا هەبوون، لێ نەدەبینران. هەربۆیەش ئەم چەشنە کەسانە دوابەدوای بڵاوبوونەوەی «برایانی کارامازۆف» یان «تاوان و سزا» و «جنۆکە لێدراوەکان» لە کۆمەڵگای ڕووسیادا کەوتوونەتە بەرچاو. واقیعی نێو ڕۆمانەکانی «کافکا»ش خۆیان لەگەڵ باری گشتی دوای بەسەرچوونی ئەو سەردەمەدا گونجاند. هەربۆیەش لە ڕێگای ئەم ڕۆمانانەوە دەتوانین چاکتر پەی بە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکەس و دەوڵەت لە ئەڵمانیای سەردەمی هیتلەر یان ڕووسیای سەردەمی ستالین و دیکتاتۆرەکانی تر ببەین.

ئایا دەتوانین ئاوڕێک بدەینەوە و ئەو بارە گشتییەی کە بوو بە هۆکاری شۆڕشی ئیسلامی، یان ئەو شتانەی خۆمان لەم سەردەمەدا و بە چاوی خۆمان بینیومانە، لە چیرۆکەکانی بەر لە شۆڕشدا بدۆزینەوە؟

من، دە ساڵ بەر لە ئێستا و لە وتارێکدا بە ناونیشانی «پێشبینی لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێراندا» ئەم کارکردەم لە چیرۆکی نووسەرانی بەر لە شۆڕشدا دەستنیشان کرد: پێموانییە، پێویست بە سەرلەنوێ باسکردنیان لێرەدا و بە هۆی نەبوونی ئاشناییەکی چاکی ئێوەی بەڕێز لەگەڵ ئەو بەرهەمانەدا بکات. بەڵام دەتوانم بڵێم: ئەگەر چیرۆک و شیعرەکانی هاوچەرخ بە وردییەوە خوێنرابوونەوە، دەکرا گومانی ئەوە کرابا کە لە ئاییندەی دوور و نزیکدا چی دەقەومێت. بۆ نموونە دەتوانم بڵێم: ئاوێتەبوونی ڕۆشنبیران و خەڵکی ڕەمەکی و هەندێک جاریش گوێڕایەڵبوونی ڕۆشنبیران لە خەڵکی ئاسایی، لە چیرۆکەکانماندا وێنا کرابوو. بۆ نموونە: ئێمە بەرلەوەی سەنگسارکردنی ئافرەتان لە واقیعدا ببینین، بە تێروتەسەلی لەمەڕ ئەم شتەوە دوابووین.

### کەواتە ئێمە هەندێک جار دەنووسین تا ببینین لە ئایەندەی دوور و نزیکدا چ شتێ ڕوو دەدات.

بە بۆچوونی من گرنگتر لەم شتانەی باسیان لێوە کرا، ناسینی سترۆکتۆرە گشتییەکانی فەرهەنگی داسەپاوە بەسەر گەلدا. دەسەڵاتی بێگانە، بۆ نموونە ئیمپریالیزم، یان حکوومەتی وڵاتێک، کاتێک دەتوانێت کارامە بێت، کە بە پاڵپشتی ئەم سرۆکتۆرانەوە کار بکات. بۆ نموونە ئێمە هەر لە دێرزەمانەوە بڕوامان بە لەئارادابوونی «خێر و شەڕ» هەبووە، یان زۆربەی هەرەزۆرمان ئایینی خۆمان هەڵنەبژاردووە و بەسەرماندا سەپاوە. زۆربەی حاکمەکانمان بە پاکانەهێنانەوەی چوونەوە سەر کانیاوی وەحی، یان تەئیدکراو لە لایەن خواوەندەوە، حوکمیان لێکردووین. بۆ ئێمەمانان دارابوونی خوێنی خواوەندی و سێبەری خوا بوون، چەمکگەلێکی ئاشنان. لای ئێمە هێشتا پەیڤی نووسراو و بڕێجار گوتراو، شتگەلی پیرۆزن. کەواتە ئێمە خەڵکێکی پەیڤ میحوەرین. من ئەم چەند نموونەیە و گەلێ سترۆکتۆری ترم لە ڕۆمانێکمدا بە «ڕۆحە چەپەڵەکان» ناودێر کردوون و هەر لەوێشدا (لە ڕۆمانی «ئاوێنەی دەرگەدار»)دا گوتوومە کە نووسەر هەندێک جار ئەم ڕۆحانە بێدار

دەکاتەوە و دەیانخاتە بەردەمی خەڵک و: ئەوە ئێوە و جنۆکەکانتان، ئەوە ئێوە و ئیبلیسەکانتان، ئیتر خۆتان دەزانن چی بکەن.

یەکێک لە ڕێگاکانی جەسەدبەخشین بەم چەشنە ڕۆحانە، هەڵبەتە بە بۆچوونی من، سەرلەنوێ داهێنانی بەرهەمە کۆنەکانە، تێخەبتین لە چیرۆکە کۆنەکانی خەڵکە، بڕواکانی خەڵک و فۆلکلۆری خەڵکە.

من لە دەسپێکدا بە شێوەیەکی نائاگایانە و دواتر بە ئاگاییەکی تەواوەوە لەسەر کەرەسە و شێوەی نووسین، زنجیرە چیرۆکێکم بە ناونیشانی مەعسوومی یەکەم، مەعسومی دووەم و تاد... نووسیون. لەم زنجیرە چیرۆکەدا تەنیا چوار چیرۆک و داستانێکی درێژم بڵاوبوونەتەوە. بەڵام چونکە لە سەردەمی دەسەڵاتی پادشایەتیشدا بەرەوڕووی سانسۆر و تێنەگەیشتنی ڕەخنەگر و خوێنەر بوومەتەوە، ئیتر وازم لەم ناونیشانانە هێنا. سانسۆرچییەکان پێیانوابوو کە ئەم ناونیشانانە بێڕێزیکردنە بە ئیمامەکان، کەچی ڕاستە من کەڵکم لە کەرەسەی چیرۆکە ئایینییەکان و تەنانەت تەکنیکیان وەرگرتبوو، لێ هەرگیز مەبەستی سووکایەتیکردن بە بڕواکانی گەلەکەمم نەبووە.

لە «مەعسوومی یەکەم»دا، داوەڵێک دوابەدوای چەند ڕووداوێک بەسەر دڵ و زەینی خەڵکی لادێیەکدا زاڵ دەبێت. لە «مەعسوومی دووەم»دا، خەڵکی وێرانەگوندێک لەپێناو ئەوەدا کە دەیانەوێت لادێکەی ئەوانیش ببێتە خاوەنی ناوەندێک و ئاوەدان بکرێتەوە، سەیدێک داوەت دەکەن و دوای ڕێوڕەسمی تازیەداری، سەری دەبڕن و دەینێژن. لە کۆتاشدا «مەعسوومی پێنجەم» تێکەڵەیەکە لە ڕەوایەتە جۆراوجۆرەکان لەمەڕ «مەوعود»ەوە و ئاکام: «دەجال»ێک دێت و بانگەشەی مەوعود بوون دەکا و تاد...

### کەواتە ئێمە دەنووسین، تا ڕۆحە چەپەڵەکانی خەڵک بێدار بکەینەوە.

بێجگە لەم شتانەی باسیان لێوە کرا، لە قۆناغە تایبەتییەکاندا، بۆ نموونە دیکتاتۆرییەت کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنانی سانسۆرە لە مەیدانی پەیڤدا، چیرۆک ئەرکی بیرخستنەوەی مێژووش دەگرێتە ئەستۆ، تەنانەت هەندێک جار ڕاپۆرتی ڕووداوەکانی ڕۆژانەیە، بەئاگاهێنانەوەیە، شتێکە لە بواری هەواڵی ڕۆژنامەکاندا.

کەواتە هەندێک جار، چیرۆکەکانمان هەواڵی ڕۆژنامەن؛ هەندێک جار بیرخستنەوەی مێژوویین و بە دەگمەن مێژووی عاتیفەی وڵاتن.

لە دوایین سەفەرمدا بۆ ئەمریکا، کە لە باڵەفڕخانەی «فرانکفۆرت» دابەزیم و چوومە بەشی فڕین بەرەو ئەمریکا، ئەفسەرێک جانتاکەمی لەسەر سەکۆیەک دانا و گشت شتەکانمی یەک بە یەک پشکنی. هەڵبەت هیچ شتێکی نەدۆزییەوە. جارێکی تر هەموو شتەکانی دەرهێنا. دیسان هیچی نەدۆزییەوە. من ڕاوەستابووم و سەیرم دەکرد. جاری سێیەمیش هەموو شتەکانی دەرهێنا. هەموو کون و کەلەبەری جانتاکەمی پشکنی، دواتر

هەموو شتەکانمی سەراوبن کرد و تەنانەت سەیری ناوەوەی یەکەیەکەی شتەکانی کرد و فڕێیدانە نێو جانتاکەوە. دیسان هیچی بۆ نەدۆزرایەوە. بەڵام نائومێد نەبوو. سەیری کردم و دیسان سەرلەنوێ خەریکی پشکنین بوو. بیرم نییە چەند جار ئەم کارەی دووپات کردەوە. من کە ئیتر خەریک بووم بێتاقەت دەبووم، بیرم کردەوە تۆ بڵێی «هەمینگوای»ش ئەمریکی بووبێت، یان «فۆکنەر»؟ ئەگەر ئەمانیشی نەخوێندبێتەوە، خۆ هەر هیچ نەبێت «هاسۆرن»ی لە ئامادەییدا خوێندۆتەوە. کە دیسان و سەرلەنوێ هەموو شتەکانی دەرهێنانەوە، بۆم دەرکەوت: گرفتەکە لەوەدایە کە ئەو منی ئێرانی بەو وێنانە دەناسێتەوە کە لە تەلەفزیۆندا بینیویەتی، هەر ئەو ئێرانییەی ئاڵای وڵاتەکەی دەسووتێنێت و بە مستی هەڵێنراوەوە دەقیژێنێت: "بمرێ ئەمریکا!"

کەواتە گرفت لەوەدا بوو کە بەرهەمەکانی «هیدایەت» یان «سادقی» یان «ساعیدی» نەخوێندبۆوە. لە کۆتادا هیلاک بوو. ئارەقەی کرد، گوتی: «Sorry!» و دەرفەتیدام بڕۆم تا دوای چەند سەعاتێک پێم بخەمە سەر خاکی وڵاتێک کە وڵاتی «دۆس پاسۆس» و «گێرترۆد ئیشتاین» و «میلەر» و «سۆزان سۆنتاگ» بوو.

### کەواتە ئێمە دەنووسین، تا خوێنەرەکانمان بتوانن سەرەڕای بینینی فیلمەکانی تەلەفزیۆن، دەنگوباس و پڕوپاگەندەی ڕۆژانە، گەلە جۆراوجۆرەکان لە گۆشەنیگای نووسەرانی ئەو گەلانەوە ببینن.

هەندێک جار لێبووردنی نێوان یەکەیەکەی خەڵکی سەر بە فەرهەنگە جیاوازەکان، هەر لە ڕێگای ئەم چیرۆکانەوە دێتەدی.

لەوانەشە هەر بەم هۆیەوە بێت کە لە وڵاتەکەی مندا هێندە بە گرژی دژ بە چیرۆک دەوەستنەوە و دوژمنایەتی دەکەن، شەڕیش لە جیهاندا هەر بەردەوامە و تا وەدیهێنانی ئاشتیش ڕێگایەکی دوورودرێژمان لەبەرە. هەربۆیە ئێمە دەبێت هێشتا بنووسین، دەبێت هێشتا تەرجەمە بکەین.

سەربازەکان بۆ مەشقی شەڕ، تەقە لە سەربازە دارینەکان دەکەن. درێژەدان بەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی بەرانبەر مینا مرۆدارینەیەک بێتە بەرچاو. لەمەش خراپتر: لەم شەڕانەدا کارێ دەکەین کە بە پڕوپاگەندەی تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە، بڵاوکراوە و پلاکات، سەرباز و کەسی بەرانبەرمان نەک بە چەشنی مرۆڤێکی خاوەن ڕابردوویەکی دیار و پڕ لە ئومێد و ئەشق و ئارەزوو، بەڵکو بە وێنەی حەیوان و کافر و مرۆڤخۆر بێتە بەرچاو، تا بە ئاسانی بتوانین تەقەی لێبکەین.

ئەگەر سەربازەکان بە مەشقکردن فێری ئەوە دەبن کە مرۆڤی بەرانبەریان بە وێنەی مرۆی دارین ببینن، یان فڕۆکەوان، ماڵەکان بە چەشنی خاڵێک لەسەر شاشە دەبینێت، چیرۆک دێت و فێرمان دەکات کەسی بەرانبەرمان بە وێنەی مرۆڤێکی تایبەت ببینین کە تەنیا یەکجار لە دایک دەبێت، کە هەندێک جار دەتوانێت، وەکوو مرۆڤی چیرۆکەکەی «سێنت ئێگزۆپێری» بە بینینی چرایەک، ژیانێک ببینێت، خێزانێک ببینێت کە لەسەر سفرە دانیشتوون، یان دایکێک ببینێت وا خەریکە شیر بە مناڵەکەی دەدات.

کەواتە دەڵێی ئێمە دەنووسین و دەخوێنینەوە تا مرۆڤە جۆراوجۆرەکان بتوانن لەتەک یەکتردا و پێکەوە و لەسەر ئەم گۆی زەوییە کە هێشتا جوانە، ژین بەرینە سەر.

**وەرگێڕانی:** بەڕۆژ ئاکرەیی

* دەقی وتارەکەی گوڵشیرییە لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی «ئێریش ماریا ڕێمارک» نووسەری ڕۆمانی «لە ڕۆژئاوادا هیچ باسێک نییە»، لە ئەڵمانیا.
سەرچاوە: گۆڤاری «کارنامە» شمارە ششم. تیر و مرداد ١٣٧٨.




## پاشماوەی
# کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی

ماوەی هەشت ساڵان لەوێ ژیاوە (١٨٥١-١٨٥٩)، ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان جار لە دوای جار، ساڵ لە دوای ساڵ و سەدە لە دوای سەدە هەر باسی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکەن کە چەندە لە یەکدی جیاواز و دوورن و جیاوازییەکانیان چین. تاکە ڕۆژێک و تاکە جارێک باسی لەیەکچوونی زاراواکانی زمانی کوردییان نەکردووە و نایکەن. جەختکردنی جیاوازی و لەیەکنەچوون و ناکۆکی، بۆتە بنەمای کاری نەک تەنیا کوردناسەکان، بەڵکە هەموو ڕۆژهەڵاتناسەکان. ئەوە نزیکەی بیست ساڵە من لە نزیکەوە ئاگاداری کار و لێکۆڵینەوەی بەشێکی زۆری کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسەکانم و لە دەیان کۆنگرە و کۆنفرانسدا بەشداریم کردووە. تێرمینۆلۆگیی ئەمانە هەرگیز لە زاراوەکانی جیاکردنەوە و کەرتکردن لای نەداوە. کۆمەڵە تێرمی هەرە باو و خۆشەویست و گرنگ و «زانستی» بە لایانەوە ئەمانەن: Conflict, differences, contradiction, against, sub-dialect, subdivision, contrast, opposition, paradox

هەندێ باس و بابەتی دیکەی وەک بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ نووسینی زمانی کوردی، پێوەندیی دوژمنانەی تەریقەتەکانی نەقشبەندی و قادری، جیاوازیی کوردیی باشوور و کوردیی باکوور تا ئەو ڕادەیەی کە بە دوو زمانی جیاواز دابنرێن، کوردینەبوونی دیالێکتەکانی زازا و هەورامی، دانانی کۆمەڵگەی یەزیدی بە بەشێکی جیاواز و دابڕاو لە کورد، گومان خستنەسەر مێژووی کورد و پێوەندی کورد بە مادەکانەوە و گەلێ باسی دیکەیش بەشێکن لە نەخشەی دوژمنانەی ڕۆژهەڵاتناسان بۆ دروستکردنی سەدان درز و سنوور و بۆ پارچەپارچەکردنی کورد، هەروەک ئەم هەڵوێستەیان بەرانبەر گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتیش، بەتایبەت گەلانی موسڵمان، ئەگەر لەمە دوژمنانەتر نەبێت دۆستانەتر نییە.

### پاشماوەی ئاڤێستا و زەردەشتیزم:

ئەگەر بۆ شوێنەواری دینی زەردەشت و زمانی ئاڤێستا بگەڕێین لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا و لای کوردی ئەم سەردەمە، بێگومان گەلێ نیشانە لە ئارادان کە پێوەندیی مێژوویی و زمانەوانیی کورد و ئەو دینە و ئەو زمانە جەخت دەکەن، بەڵام ئەو نیشانانە لای گەلانی دیکەی ئێرانییش دیسان هەر بە دی دەکرێن. کۆڵەکەیەکی گرنگی دینی زەردەشت فەلسەفەی دوالیزمە، واتە باوەڕ بەوەی کە ئەم گەردوونە و ئەم جیهانە لە بەردەم دوو هێزی دژ بە یەک و نەیاردان، هێزی چاکە و هێی خراپە، ڕووناکایی و تاریکایی و، ئەرکی مرۆڤ ئەوەیە پشتی یەکەمیان بگرێ. لە سەردەمی ئەمڕۆماندا هێزی تاریکایی و خراپە زۆر سەرکەوتنی چنگ کەوتووە و چاکە و ڕووناکایی لاواز بووە، بەڵام لە دواییدا هەر ڕووناکایی سەر دەکەوێت. ئەم باوەڕە لای گەلێ دینی تایبەتی کوردانە وەک، کاکەیی (ئەهلی حەق) و یەزیدی هەیە. بەڵام بیری خودا و شەیتان، نەفس و ڕۆحیش لە ئیسلامدا و لای دینەکانی دیکەیش هەر ڕوخسارێکی ئەو بیرەیە، بەڵام بە زاراوەی دیکە.

لە بواری زماندا گەلێ وشە هەن کە لە تێکستەکانی ئاڤێستادا دەخوێنرێنەوە و ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا یا لە هەندێ دیالێکتی زمانی کوردیدا ماون و گەشەیان کردووە. لەم ڕووانەوە، واتە پاشماوەی باوەڕ یا زمانەوانی، گەلێ لێکۆڵینەوە کراوە و دەکرێ لە سەرچاوە بنەڕەتەکاندا تەماشا بکرێن.

### زەردەشتیزم چیی پێیە؟

بە خوێندنەوەی فەلسەفەی زەردەشتیزم، مرۆڤ دەتوانێ گەلێ لایەنی بیروباوەڕەکانی زەردەشت تێ بگات کە بێگومان بۆ سەردەمی خۆی پێشکەوتنێک بووە بەرەو چاکترکردنی ژیانی مرۆڤ و بردنی بەرەو باوەڕی مۆنۆتاییزم (یەکخواپەرستی). هەروەها لە ژیانی ڕۆژانەدا کۆمەڵێ بنەمای هێناوەتە ئاراوە کە یارمەتیی مرۆڤ دەدات بۆ ژیانێکی باشتر. پیرۆزیی ئاو و هاندانی خەڵک بۆ کشتوکاڵ بنەمایەکی ناسراوی دینەکەیە.

من پێم وا نییە لە دنیای ئەمڕۆدا بکرێ باوەڕەکانی دینی زەردەشت: فەلسەفی، ئەخلاقی و ئابووری وەک بنەما و پێکهاتە (ستروکتوور)ی ژیانێکی ئاسایی بە کار بهێنرێن.